North America Committee of Komala Party – Iranian Kurdistan

## راپۆرتی ڕێورەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری تۆرۆنتۆی کانادا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە دەی فوریەی 2007 شاری تۆرنتۆی کانادا، ئەمساڵیش وەکو ساڵەکانی پێشوو شایەتی دەست پێکردنی ڕێورەسمێکی پڕشکۆی 26ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دەست بە کاربوونی چالاکی ئاشکرای کۆمەڵە بە بەشداری زیاتر لە هەزار کەس بەڕێوە چوو.کومیتەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێورەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە تۆرنتۆ، ماوەیەك لەمەوپێش خۆی بۆ دەست پێکردنی ئەم ڕێورەسمە ئامادە کردەبوو و بە هەوڵی بەردەوام و بێ وەچان لە حاڵی ئامادەکاری ئەم ڕێورەسەمدا بوو.

ساڵۆنی ڕێورەسمەکە کە یەکێك لە گەورەترین ساڵۆنەکانی شاری تۆرنتۆ بوو لە کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆوە بە ڕووی مێوانەکاندا کرایەوە و خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵ لە تۆرنتۆ و شارەکانی دەوروبەر و ژمارەیەکی دیکەش لە ئەمریکا و شوێنە دوورەکانەوە بە مەبەستی بەشداری کردن لەم ڕێورەسمە خۆیان دەگەیاندە شوێنی ڕێورەسمەکە. ناو ساڵۆنەکە بە دروشم گەلێك لە پشتیوانی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و دروشمەکانی کۆمەڵە ڕازابووەوە و بڵاوکردنەوەی سرودەکانی کۆمەڵە و دروشمەکانی کۆمەڵە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی بە شێوەی پۆرۆژۆکتۆر لە ساڵۆن، کەش و هەوایەکی باشی دابوە ساڵۆنەکە.

بەرنامەی ڕۆژی کۆمەڵە لە کاتژمێر هەشتی شەو لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامە، هاوڕێیان ئرشاد ، پەرویز و چنور لە دوای بەخێرهێنانی مێوانان و بەشداربووان بە زمانەکانی کوردی سۆرانی و کرمانجی و فارسی و ئینگلیسی و بە دەقێقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی، گیانبەختکردوانی کۆمەڵە بە تایبەتی هاوڕێ موحەممەد حوسینی کەریمی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەرنامەکانی خۆیان دەست پێکرد.دواتر بێدەنگی بەشداربووان بە سرودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شکا.بۆ ڕێز گرتن لە یادی یەکێك لە هەڵسوراوان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری تۆرنتۆ، هاوڕێ ڕۆژین گەرمیانی، کە ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی 24 ساڵەیدا کۆچی دوایی کرد، بەرنامەیەکی تایبەتیان پێشکەش کرد و ڕێزیان لە یاد و بیرەوەری ناوبراو گرت. دواتر پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە لە

لایەن هاوڕێ ناهیدی بەهمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە خوێندرایەوە کە تێیدا لە گەڵ ئاماژە کردن بە کورتەیەك لە مێژوو و چالاکی و چۆنیەتی پێکهاتی کۆمەڵە و سەرەتای دەست بەکار بوونی چالاکی ئاشکرای کۆمەڵە، بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە و بە تایبەتی کوردستانی لێکدایەوە و تیشکی خستە سەر ئەرکەکانی کۆمەڵەی لەم دەورانەدا و تەئکیدی لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کردەوە. لە دوای خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە لایەن هاوڕێ ناهیدی بەهمەنیەوە حزب و ڕێکخراوە بەشدار بووەکان لە ڕێورەسمی رۆژی کۆمەڵەدا پەیامەکانی خۆیان خوێندەوە کە بریتی بوون لە:

1_یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، کومیتەی کانادا 2_ حزبی دێمۆکراتی کوردستان-ئێران کومیتەی کانادا 3_ پارتی دێمۆکراتی کوردستان لقی کانادا 4_ بەرەی دێمۆکراتێکی مەردومی خەلقی عەرەبی ئەهواز 5_ماڵی کورد و بەرێز جیمز کرگین ئەندامی پەرلەمانی کانادا و لە حزبی لیبراڵ کانادا بەم بۆنەیەوە قسە وباسێکی پێشکەش کرد. لە ماوەی بەرنامەکەدا 29 خەلات بە بۆنەی 29 نۆیەمین ساڵرۆژی چالاکی ئاشکرای کۆمەڵە بە بیست و نۆ کەس لە بەشدار بووانی ئەم ڕێورەسمە درا.

بەشی هونەری ئەو ڕێورەسمەش بە بەشداری هونەرمەندانی لاو فواد نراقی و چۆپی کەرکوکی و گروپی موزیك تا دەرەنگانێکی شەو درێژەی کێشا و لە سەر داخوازی بەشدار بووان سەعاتێك بە ڕێورەسمەکە زیاد کرا و بەم شێوەیە ڕێورەسمەکە تا کاتژمێر 3ی نیوەشەو درێژەی کێشا.لە ماوەی بەرنامەکەدا هەواڵنێرانی رادیۆ کۆمەڵە و رۆژهەلات تی ڤی چەندین وتووێژیان لە گەڵ بەشدار بوواندا ئەنجام دا.ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە رۆژی کۆمەڵە کە لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربوواندا ڕووبەڕوو بووبوەوە لە نێوان شایی و هەڵپەرکێی بەشداربوواندا و بە بڵاوکردنەوەی شیرینی لە کاتژمێر 3ی نیوەشەو کۆتایی پێهات.

کومیتەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێورەسمی رۆژی کۆمەڵە بەم شێوەیە لە هەموو بەشداربووان کە زۆربەیان ڕێگای دوور و درێژیان، بە مەبەستی بەشداری کردن لەو ڕێورەسمەدا بریبوو و ڕێو رەسمی رۆژی کۆمەڵەیان هەر وەك ساڵانی پێشوو رازاندەوە، سپاس و پێزانینی خۆی رادەگەیەنێت.

15ی فوریەی 2007

کۆمه ڵه ی شۆرشگێری زه حمتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیته ی مه لبه ندی ئامریکای باکوور

northamerica_komala@yahoo.com
TEL , FaX : 416- 850 9980














KURDISTAN